www.kurdistannet.org
19-7-2006 14:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕابۆچوونی گەنجان لەسەر سولفەی هاوسەریی: هەرچەندە سەیری سولفەی هاوسەریی دەکەم لەخێرو زەکات دەچێت نەک یارمەتییەکی حکومی (گەنجێکی شاری سلێمانی ) ... ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی - سلیمانی

ماوەی چەند مانگێکە لەشاری سلێمانی بەبڕیاری ئیدارەی سلێمانی ئەو کات سولفەی هاوسەریی دەدرێت بەو کوڕ و کچانەی کە ژیانی هاوسەریی پێکەوە دەنێن، بڕە پارەی دیاریکراویش تەنیا 750 هەزار دیناری چاپی نوێیە بۆ هەر کوڕو کچێک کە تازە گرێبەندی زەواجیان کردووە.

ئەم بڕە پارەیە لەلایەن دەسەڵات و ڕاگەیاندنی سەر بەدەسەڵاتەوە بەو جۆرە لێکدرایەوە کە هاوکارییەکی باشە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ بچنە نێو ژیانی هاوسەرییەوە هەرچەندە جۆرو شێوازو ئاستی ئەم بڕە پارەیەوە تێبینی لەسەرەو بڕەکەش لەئاست و ڕاددەیەکی ئەوتۆدا نییە کە کەلێنێکی زۆر لە پێداویستییەکانی پرۆسەی هاوسەرگیریی پڕ بکاتەوە.

لەم چەند ڕۆژەدا بەڕێکەوت چاوم چۆیە سەر قەرەباڵغییەکی زۆر کە زۆربەیان کوڕوکچی گەنج بوون و هەندێکیان دوو دوو بەیەکەوە وەستابوون، منیش بۆئەوەی بزانم ئاخۆ چی ڕوویداوە تاوەک ڕۆژنامەنووسێک شتێک لەبارەیەوە ئامادەبکەم دوایی بۆم ڕوونبۆیەوە هەموو ئەم کوڕوکچە گەنجانە وەستاون و سەرقاڵن بۆ وەرگرتنی سولفەی هاوسەریی.

لەهەندێکیان نزیک بوومەوە و پرسیارم لەبارەی چۆنێتی و چەندێتی بەخشینی ئەو بڕە پارەیەوە کردوو ئەوانیش زانیاریی تەواویان لەسەری پێدام، ئەوجا منیش کەوتمە پرسیار کردن لێیان و هەوڵمدا سەرنج و ڕەخنەکانیان تۆماربکەم.

هەرێم ئەحمەد-تەمەن 23 ساڵ وتی: دانی ئەم سولفەیە بۆ ئەو کەسانەی کە تازە ژن و مێردایەتی دروست دەکەن شتێکی زۆر چاکە و سوپاسی مام جەلال و حکومەتی هەرێم دەکەین کە ئەم هاوکارییە دەدات بەو خەڵکانەی تازە دەیانەوێ خێزان دروست بکەن من بۆ خۆم زۆر سوود لەم بڕەپارەیە وەردەگرم و دەتوانی هاوکاریم بکات چونکە بەڕاستی ئێستا ژنهێنان وەک جاران نەماوە و پارەیەکی زۆری دەوێت و بۆ گەنجیش ئەمە قورسە.

شۆخان ئەبوبەکر-تەمەن 26 ساڵ وتی: ئەم سولفەیە شتێکی چاکەو سوپاسیان دەکەین بەڵام ئەو بڕە پارەیەی کە دابینکراوە تۆزێک کەمە ئەگەر بڕەپارەکە ملیۆن و نیو یان دوو ملیۆن بووایە لەم پارەیە زۆر چاک بوو، جێگەیەکی باشی دەگرت و خەڵک زۆر سوودی لێوەردەگرت و هانی خەڵکانێکی زۆریشی دەدا کە بیر لەزەواج بکەنەوە و کۆتایی بەژیانی ڕەبەنی بهێنن و بچنە ژیانی هاوسەریی و نێو ماڵ و منداڵی خۆیانەوە.

هەروەها شۆخان وتی: هیوادارم حکومەتی هەرێم و کابینەی پێنجەم بڕ پارەکە زیاد بکەن بۆ ئەو ڕێژەیەی من پێشنیارم کرد لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بڕەپارەیە تەنیا بۆ گەنجانی شاری سلێمانی نەبێت بەڵکو هەموو گەنجانی کوردستان بەبێ جیاوازیی بگرێتەوە.

سەماڵ کەریم-تەمەن 25 ساڵ دەڵێ: بمزانیبایە نەدەهاتم ئەم پارەیە وەربگرم، خوا بیبڕێ، لەوانەیە بڵێم هەتاوەکو ئەمڕۆ کە 75% کارەکانم تەواو بووە دوو سەد ئیمزام کردبێ و بۆ پەنجا شوێنیان ناردووم، ئەوەندەی هاتوچۆی ئێرە دەکەم و خۆم مەشغوڵ کردووە بەوەرگرتنی ئەم پارەیەوە لە بازاڕ کاسبیم بکردایە زۆر باشتر بوو لەوانەیە دوو ئەوەندە بگرە زیاتریشم پەیدابکردایە، داوا لەگەنجان دەکەم تێنەکەون وەک من بەس بەپارەی خۆتان ژن بهێنن و مەمنونی کەس نەبن، بەڕاستی ئەوە حاڵ نییە من بەدەست ئەم پارەیەوە لێم بەسەر هاتووە.

دێرین تەها- تەمەن 22 ساڵ وتی: کردنەوەی سولفەی هاوسەریی بۆ گەنجان بڕیارێکی زۆر چاک بوو، هاوکاریی و یارمەتییەکی باشە بۆ گەنجان تا هەموو زەختەکە نەکەوێتە ئەستۆی خۆیان، چونکە گەنج لەم وڵاتەدا داهاتی کەمە، بەڵام ئەگەر بڕە پارەکە زیاتر بوایە لەوەی ئێستا زۆر باشتر دەبوو، بەڕای من دەبوایە 10 وەرەقە کەمتر نەبوایە لەو باوەڕەشدام ئەگەر پارەکە زیاتر بێت زیاتر گەنجان بیر لە هاوسەرگیریی دەکەنەوە و دیاردەی قەیرەیی و ژن نەهێنان و شوونەکردن کۆتایی دی.

هێمن حەمەتاڵ-تەمەن 24 ساڵ دەڵێ: خۆزگە ئەم بڕیارە هەرنەبوایە، کاکەگیان خۆی پێنج هەزاری سویسری دەدا بەمن کەچی من ئێستا هەزار دینارم زیاتر سەرف کردووە ئەمە بێجگە لە هیلاکییەکە تەنیا چوار هەزارم بۆ دەمێنێتەوە، هەموو شتێک هەر لەسەر تەلەفزیۆن و بەدەم خۆشە بەڵام لەواقیعدا دار دەدەن بەرۆحتدا ئەوەتانی رۆحی منیان دەرهێناوە تا ئەو پارەیەم وەرگرت، بڕوابکە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا خەریکە تاقەتی یەکمان نامێنی ئەوەندەیان گێرەوکێشە پێکردووین هەر دڵمان وەستا.

شەهلا تاریق-تەمەن 19ساڵ وتی: ئەم سولفەی هاوسەرییە زۆر چاکە بۆ گەنجان بەڵام وەرگرتنەکەی زۆر نارەحەتە و دەتنێرن بۆ زۆر دائیرەو شوێن کە هەندێکیان هیچ پێویست ناکات بچیت، جگە لەوە پارەکە تۆزێک کەمە، ئەگەر پارەکە زیاتر بوایە هیلاکیش بوویتایە دەمانووت قەیناکە، بەڵام لێرە هەقی پارەکەت لێدەکەنەوە و هەتا دەتدەنی سەرت سپی دەبێت، بەڵام هەرباشە و یارمەتییەکە بۆ گەنجان، بەڵام داوادەکەم لە حکومەتی هەرێم و کاک نێچیرڤان یارمەتییەکی باشتری گەنجان بدەن و بڕەپارەی سولفەی زەواج زیادبکرێت و بۆ هەموو شوێنێک بێت.

توانا عەزیز-تەمەن 27 ساڵ وتی: ئەم سولفەی هاوسەرییە شتێکی باش نییە، فرۆشتنەوەیەتی بەخەڵک، ئەگەر ئەوان ڕاستدەکەن سی ملیۆن بدەن بە گەنجان یان خانوو یان شوقەیان بۆ دابین بکەن، باشە ئەوە من ژنیشم هێنا بەچی دەچێت ئەگەر هۆدەیەک خانووم دەستنەکەوێت تیایدا بژیم؟ ئەگەر حکومەت بەڕاستی بیری لەژیانی گەنج کردۆتەوە با لەپێشدا کێشەی نیشتەجی بوونی بۆ چارەسەر بکات ئەوکاتە 750 هەزارەکەش بێت هیچی تیانییە بەڵام حکومەت دەیەوی بە 750 هەزار دینار تووشی 750 هەزار بەڵام بکات. من خۆم تازە زەواجم کردووە بەڵام ئامۆژگاریی کەس ناکەم نە زەواج بکات نە نەیکات بەڵام دەڵێم ئەوەی بەپاڵپشتی ئەم سولفەیە زەواج دەکات هەرنەیکات باشترە بۆی.

تەرزە دڵشاد-تەمەن 20 ساڵ وتی: ئەم سولفەیە خراپ نییە، بەڵام ئەوەش نییە کە بتوانی زۆر شتت بۆ دابین بکات، هەر ئەوەیە لە هیچ باشترە و دەڵێی وەریگرم باشترە وەک لەوەی وەرینەگرم ئەگینا بەخوا ئەوە نییە و خۆتیش دەزانی 750 هەزار هیچ ناکات دوو دەست جل دەکات یان ئەگەر حەفلە بکەیت چارەکێکی حەفلەکە پڕدەکاتەوە.

ئومێد مستەفا-تەمەن 29 ساڵ وتی: هەرچەندە سەیری سولفەی هاوسەریی دەکەم لە خێرو زەکات دەچێت نەک لەهاوکاریی و یارمەتییەکی حکومی، بەڕاستی گەنج ناتوانێت بەو پێنج سەد دۆلارە هیچ شتێک بکات لەم رۆژە گرانییەدا کە رۆژ بەرۆژ شت گرانتر دەبێت حکومەتی هەرێم ئەم بڕەپارەشی بەکەڵکی هیچ نایەت، کورد وتەنی خاسی مەکە باخراپ نەبی.

-دواتر پرسیارم لەو گەنجانە کرد کە نەچوونەتە ژیانی هاوسەرییەوە و لێمپرسین چۆن دەڕواننە ئەو سولفەیە ئایا یارمەتیدەرە یان نا؟ تۆ وەک خۆت وەریدەگریت یان نا بۆچی؟

کاردۆ عوسمان – تەمەنی 23 ساڵ وتی: یارمەتیدەر نییە، خۆم وەریناگرم لەبەرئەوەی حەزدەکەم بەپارەو داهاتی خۆم ژن بهێنم نەک بەپیتاک و سواڵکردن لەحکومەت.

ئارێز عەلی- تەمەن 24 ساڵ وتی: یارمەتیدەرە بۆ گەنجان، بەڵام من وەرینارگرم لەبەرئەوەی من لە بەرنامەمدا نییە زەواج بکەم بەڵام ئەگەر زەواج بکەم وەریدەگرم.

شانۆ ڕزگار-تەمەن 21 ساڵ وتی: تاڕاددەیەک یارمەتیدەرە بۆ گەنجان، ئێستا ناتوانم بڕیاربدەم وەریدەگرم یان نا ئەو کاتە حیسابی خۆم دەکەم پێویستمە یان نا ئەوجا بڕیاردەدەم.

سۆران شەریف- تەمەنی 24 ساڵ وتی: هیچ یارمەتیدەر نییە، وەک خۆم سی ئەوەندەش بێت هەروەریناگرم چونکە قەت حەزم لەوەنییە پارەی ئەم حکومەتە وەربگرم.

هەڵوێست ئەکرەم- تەمەن 23 ساڵ وتی: یارمەتیدەر نییە چونکە زۆر کەمە، من وەک خۆم وەرینارگرم چونکە پێویستم پێی نییەو ڕێگە دەدەم کە کەسێکی نەدارو کەمدەرامەت وەریگری نەک من کە دەتوانم بەئاسانی ژن بهێنم و ژیانیشی بۆ دابین بکەم.